# زمانی مرۆڤ لە کوێوە دێت؟!

**د. مەولوود ئیبراهیم حەسەن**
**(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی زمان)**

(هەموو ڕۆژێک کە خاتوو (میکایلا ئەرمەر) لە خەو هەڵدەستێ، ئەو بە زمانێک قسە دەکات کە جیایە لەگەڵ زمانی ئیتاڵی بۆ چینی، پاش ئەوەی لەنێوان شەو و ڕۆژێکدا تووشی حاڵەتێکی سەیربوو، ئەو دایکە (٤٧ ساڵ)ـەیە، تووشی زمانگۆڕان بووە، ئەو پێی وایە قوربانییەکی ڕەگەزپەرستییە! میکایلا لە ناکاو لە (ساڵی ٢٠١٥) زمانی -لانکشایەر -ی لەبیرکرد کە پێی وایە هۆیەکەی وێنەگرتنی لەرزەییە، ئێستا ئەو هەموو بەیانییەک کە لە خەو هەڵدەستێ، نازانێ بە کام زمان قسان دەکات! زمانی چینی، یان فللیپینی، یان زارێکی باشووری ئەفریقایە، یان ئەوەتە ئیتاڵییە، یان پۆلەندییە، یان ئەوەتە فڕەنسییە، ئەو پێی وایە کە ئەو کەسێکی نێوان ژمارەیەکی یەکجار کەمی تووشبووە بە زمانگۆڕان!

ئەم ڕەوشە وا دێتە بەرچاو کە ئەو کەسە بە زمانی بیانی قسان دەکات، کە زۆربەی جاریش بە هۆی وەستانی مێشک و کێشەی دەماغ و کێشە دەروونییەکانە، میکایلا کە کاری دیکۆرسازی دەکات، دەڵێ: لە دوو ساڵی ڕابوردوودا زۆر کاری ڕەگەزپەرستی لەگەڵ کراوە! یەکەم جار کە وای لێ دێت بگری لە ساڵی ٢٠١٥ لە سۆپەرمارکێتێک بووە کە یەکێ گوتی: ئەو پۆلەندییانە لە هەموو شوێنێک هەن! ئەمەش بۆ ئەو یەکجار ناخۆش بوو، هەندێ کەسیش پێیان وایە من بەردەوام بەزمانی چینی قسان دەکەم، هەندێکی تر بە تەلەفۆن پێوەندی دەکەن و بە پێکەنینەوە دەڵێن: دەتوانم مریشکێکی سوورەوەکراوەی نیو برنجم دستکەوێ؟ ئەمە زۆرجار ڕوودەدات، هەروەها بەردەوام دەبێت و دەڵێ: ئەگەر ئەمە جارێک بێت مایەی پێکەنینە! بەڵام کە زۆرجار ئەمە دەبیستییەوە، دەشێ کارەکە ڕووخێنەر و بێزارکەربێت، هەروەها میکایلا بەردەوام دەبێت و دەڵێ: لەوەتەی مانگی پێنجی ساڵی ٢٠١٥ تووشی ئەم

کارەساتە بووە، بەردەوام هەوڵ دەدات بە هۆی بەردەوامی گۆرانی گوتنەوە زمانی خۆی بگێڕێتەوە. (گۆرانی گوتن بەزمانی دایکی!) ئەمە حاڵی خاتوو میکایلایە ڕۆژانە کە بەیانیان لە خەو هەڵدەستێ، ئەوە هیچ کە بەزمانی دایکی قسان ناکات؛ هەر ڕۆژەش بە زمانێک قسان دەکات کە خواستی خۆی نییە و وەک کارێکی ئۆتۆماتیکی بەسەریدا دەچەسپێ! ئێمە لێرەدا بە شێوەیەکی جیا لە نموونەکانی - فێربوونی زمان بە لەبەرگرتنەوە - قسەی لە بارەوە دەکەین و دەیکەین بە نموونەی زۆر پرسیاری بێ وەڵام و گەڕان بەدوای وەڵامدا.

## زمانی مرۆڤ لە کوێوە دێت؟

لە لێکۆڵینەوەی «فێربوونی زمان بە لەبەرگرتنەوە»(١)دا نموونەی زۆرمان بینی لەوەی کە کەسانیک بە هۆیەک لە هۆیەکان، زمانی قسەکردنیان دەگۆڕێ، زمانی دایکییان لە بیر دەکەن و بە زمانێک قسە دەکەن کە پێشتر نەیانزانیوە و هەندێ جار ناویشیان نەبیستووە! نموونە هەیە کە کەسانێک بەم زمانگۆڕانە فێری زمانێک بووین کە بە زمانی مردوو دەژمێردرێ! وەک زمانی فیرعەونییەکان، هەندێک لەو زمانگۆڕاوانە لە هەمان ڕووداودا فێری زیاتر لە زمانێک بوون، دوو زمان و سێ زمان و چواریشمان بەرچاو کەوتووە؛ ئەمانە کە زمانیان گۆڕاوە، زمانە تازەکە زمانێکی جێگیر بووەو لەگەڵی ماوەتەوە و بەردەوام قسەی پێ کردووە، بەڵام خاتوو (میکایلا ئەرمەر) کە بەزمانی لانکشایەر قسەی دەکرد، لە ناکاو ساڵی ٢٠١٥ پاش گرتنی وێنەیەکی لەرزە موگناتیزی، زمانی دەگۆڕێ و هەموو بەیانییەک کە لە خەو هەڵدەستێ؛ بە زمانێک قسە دەکات جیایە لە زمانەکەی ڕۆژی پێشتر! ئەو زمانە خۆیشی نازانێ کام لەم زمانانەیە؟! ئایا بە زاری چینی، یان فلیپینی، یان بە زاری خوارووی ئەفریقیا، یان ئەوەتە بە زمانی ئیتاڵیایی، یان پۆلەندی، یان ئەوەتە بە زمانی فەرنسی قسان دەکات؟! ئەم ڕەوشە بارێکی دەروونی خراپی لای ئەم ژنە دروست کردووە، هەربۆیە پزیشکەکان ئەم زماگۆڕانە بە نەخۆشی(٢) دەزانن و زۆریش بە زەحمەت بۆیان چاک دەبنەوە، چاک بوونەوە بە مەبەستی گەڕانەوەی ئەو کەسە بۆ ڕەوشی پێش شۆک و زمانگۆڕانەکە، تەنیا نموونەیەک کە من بینیم چاک بووەوە، ئەویش پیاوێکی ئێزدی بوو بە ناوی (نەواف)(٣) کە پاش ئەوەی لە خەو هەڵدەستێ، زمانە کوردییە کرمانجییە ئێزدییەکەی لە بیردەکات و بە زەمانی ئینگلیزی دەکەوێتە قسە کردن و کەسوکاری بەهۆی وەرگێڕ لێی حاڵی دەبن و قسەی لەگەڵ دەکەن، سەرەڕای ئەوەش باوەڕەئایینییەکەشی کە ئایینی(ئێزدی) بوو گۆڕا بوو بە (مەسیحی)، ئەو پیاوە مامۆستا (مەلا عەلی کوردی کەڵەک)(٤) چاکی کردەوە و بە کوردییەکەی خۆی کەوتەوە قسە کردن و گەڕایەوە سەر ئایینی ئێزدییەکەی جارانی.

ئێمە لێرەدا نامانەوێ بە وردی باسی هۆی زمانگۆڕان و هەوڵی چارەسەری زمان و بارە دەروونییەکەی خاتوو (میکایلا ئەرمەر) بدەین، ئەمە مەبەستی ئێمە نییە و کاری ئێستای ئێمەش نییە، ئەوەی ئێمە بە گرنگی دەزانین و جێگای پرسیارە و وەڵامەکەی زۆر ئەستەمە! کۆبوونەوەی ئەم هەموو زمانەیە لە کەسێکدا و بێ خواستی خۆی هەر ڕۆژەی بە یەکێکیان قسان دەکات، یان ڕوونتر هەر ڕۆژەی یەکێک لە و زمانانە چالاک دەبێت و خاتوو میکایلا هیچ ڕۆڵێکی لە چالاککردنی زمانی ئەورۆژەدا نییە کە بەم زمانە تازانە دەدوێ، دیارە هەموو پێویستییەکانی زانینی زمانەکەی لا جێگیر بووەو بە وشە و فەرهەنگ و فۆنەتیک و دەستوورەکانی زمان و کولتووریشەوە؛ هەربۆیە دەتوانێ لەگەڵ کەسانی ئەو زمانە قسان بکات و تێیان بگات و لێی تێ بگەن کە ئەم ڕەوشە زۆر لە ڕەوشی فێربوونی زمانێکی تازە و ڕێگای فێربوون و زەمەنی فێربوون و ژمارەی زۆری زمانەکان جیایە کەسانی ئاسایی کاتێکی زۆریان دەوێ تا فێری زمانێکی تازە بن بۆ ئەوەی بە تەواوی قسەی پێ بکەن، کەچی ئەم ڕووداوەی بەسەر ئەم خاتوونەدا هاتووە، هەموو یاساکانی پێشووی تێکشکاندووە!

ئێمە دەزانین منداڵێکی ئاسایی تا بەتەواوی زمانی دایکی فێر دەبێت، نزیک بە دوو ساڵ زەمەنی پێویستە، بەڵام ئەم زمانگۆڕاوانە بە کتوپڕی و لە ناکاو زیاتر لە زمانێک فێردەبن و قسەی پێ دەکەن؛ پرسیاری زۆر هەڵدەگرێ.

پرسیاری گرنگ ئەوەیە کە ئەو زمانانە لە کوێندەرەوە دێن؟ ئایا لە دەرەوەی جەستەی مرۆڤەکانن، یان لە نێو جەستەی دان و بەم ڕووداوانە چالاک دەبنەوە؟ زانست باس لەوە دەکات کە (جینی زمان فۆکس پ٢ -foxp2) لە مێشکی مرۆڤدا بەرپرسە لە زمان و دەستوور و فەرهەنگی زمانی مرۆڤ و قسەکردنی، ئەمەش لە بارە ئاساییەکەیدا بە هۆی کەڵەکەبوونی فێربوونی تەواوی زمانەکە لە نێو ئەم جینە بەرپرسەدا کۆ دەبێتەوە، سەرەتا تەنیا زمانی دایکە و دواتر بە هۆی ڕێگاکانی فێربوونی باو لە نێوەندەکانی فێربوون زمانی تریشی دەچێتە سەر بە پێی توانست و خواستی کەسەکە؛ پرسیارە گرنگەکە

ئەوەیە: ئەم هەموو زمانانە کە ئەو پێشتر هیچیانی نەدەزانی! لە کوێوە هاتن و پێشتر لە کوێندەر بوون؟! ئەگەر هەر لە نێو جینی بەرپرسی زماندابوون، بۆچی خاوەنەکەی قسەی پێ نەدەکردن؟ چۆن ئەم هەموو زمانە لە وێدا کۆبووبوونەوە؟ ئەگەر بە هۆی ڕووداوە کتوپڕەکەوە هاتوون، لە کوێندەرەوە هاتوون؟ ئایا دەکرێ مێشکی مرۆڤ، بە تایبەت جینی بەرپرس لە زمان و قسە کردن وەک(ڕادیۆ)یەک تەماشا بکەین و ئەو شوێنەی کە زمانەکانی لێوە هاتووە وەک (ئێستگە)یەکی پەخشکردن قبووڵ بکەین؟ باشە ئەوە جینەکە لە نێو جەستەی مرۆڤدایە، گوتمان ڕادیۆی وەرگرتنە! ئەی ئەو ئێستگەیەی ناردنە لە کوێندەرەو چۆن کاردەکات و چەند زمانی تێدا کۆبووەتەوە؟

ئێستا ئێمە لە کۆمپیووتەردا دەتوانین چەند زمانی بمانەوێ دابیەزێنین و بیخەینەسەر کیبۆرد و بەشە جیا جیاکانی لاپتۆپەکەمان، لێرەدا شوێنی هێنانی زمانەکە دیارە و جێگای وەرگریش دیارە، بەڵام لە زمانگۆڕانەکەدا لە مرۆڤ جێگای لێوە هاتنی زمانە تازەکان دیار نییە؟!

ئەگەر ئێمە بە وردی سەیری کۆی زمانگۆڕاوەکان بکەین کە دەبینین هەموو زمانەکانی مرۆڤ قسەی پێکردوون لە کۆن و ئێستا بە مردوو و زیندووەکانەوە، لەم زمانگۆڕانانەدا دەبینرێن و هەن، واتە لە نێو میللەتێک و لە وڵاتێکدا قسەیان پی کراوە و ئێستاش قسەیان پێ دەکرێ، بەڵام لە نێوان ئەم دووری زەمەن و دووری شوێنانەدا ئەم زمانە چۆن دەگاتە ئەو کەسە و دەبێتە زمانی قسەکردنی؟

تیورەکانی دروستبوونی زمان هەرچییەک بن، بۆ ئێمە گرنگ نییە! چونکە ئێمە خاڵی هاوبەشی زۆر لە نیوان تیورەکانی زمان دروست بوون دەبینین؛ بە تیورە ئایینی و ئەفسانەیی و زانستییەکانیشەوە! ئەوەی گرنگە و دەبێ هۆیەکەی بزانین، ئەو زمانانە لە کوێندەر هەڵگیراون و چۆن بە شۆک و بەرکەوتنێک و تایەک و کەوتنێک، ئاوا زوو لە کەسی بەرکەوتوو ئامادە دەبن و یەکسەر دەبن بە زمانی قسەکردنی!؟

ئەگەر تا ئێستا زانست وەڵامێکی پێ نییە! هێندەی ئێمە بیزانین - وا چاکە پەنا بۆ چیرۆکە ئایینییەکان ببەین و دان بەوە دابنێین کە خودا مرۆڤەکانی فێری زمان کرد!

باشە، ئەو زمانە چ زمانێک بوو کە خودا مرۆڤەکانی فێرکرد؟ ئایا تەنیا یەک زمانی فێرکردن؟ ئەوەتە لە قورئاندا دەفەرمووێ: (ئادەمی فێری هەموو ناوەکان کرد) (٥) ئێمە ئەم واتایە وا وەردەگرین کە خودا ئادەمی فێری هەموو ناوەکان کرد، لە ناویشدا وای لێکدەدەینەوە کە مەبەست لەناو - وشە - یە و وشەش واتە زمان، واتە وشە مەبەست ناوە و ناویش وشەیە و وشەش مەبەست - زمان-ە و لە دەقەکەشدا -ناوەکان - هاتووەو بە شێوەی (کۆ) کە دواجار زمانەکەش دەکاتە - زمانەکان - ئیتر خودا ئادەمی فێری هەموو زمانەکان کرد، لە گۆکردنی - ئادەم - دەتوانرێ بە مانای کۆ وەربگیرێ و بکاتە ئادەمەکان، واتە هەموو مرۆڤەکان، واتە خودا هەموو مرۆڤەکانی فێری هەموو زمانەکان کرد! پرسیارێکی لۆژیکی دێتە پێش، ئەی بۆچی هەموو مرۆڤەکان، هەموو زمانەکان نازانن و زۆربەیان هەر بە منداڵییەوە زۆر بەزەحمەت فێری تەنیا زمانێ دەبن؟! دەکرێ وەڵامی ئەم پرسیارە بەم شێوەیە بدرێتەوە: ئەی ئەوە نییە هەموو مرۆڤەکان پێکەوە، هەموو زمانەکان دەزانن! ئێمە کە خودا بەو سیفەتەوە بناسین و قبووڵ بکەین کە کتێبە یەکتا پەرستییەکان پێناسەی دەکەن! ئەوکاتە خودا دەتوانێ هەموو شتێک بکات و هەموو کارێکی لە دەست دێت، بەڵام هێشتا پرسیاری تر زۆر ماون و وەڵاممان دەست نەکەوتووە! باشە ئەگەر ئادەمییەکان هەر هەموویان فێری هەموو زمانەکان کراون، بۆچی مرۆڤ هەر لەدایک بوو، قسان ناکات و نادوێ؟ بۆچی زۆر بە زەحمەت و زۆریشی پێ دەچێ هەتا فێری زمانی دایکی دەبێت! ئەگەر فێرکراون دەبێ زمانەکە بەشێک بێت لە جەستەی و هەرزوو ئامادەی بەکارهێنان بێت، وەک دیتن و بیستن و جووڵەی سەر و مل و دەست و پێ و دەنگە دەنگ! ئەوە هەموومان و بەردەوام دەبینین کە منداڵ وشە بە وشە و بەدووبارەکردنەوەی زۆر و بەردەوام و هەڵەکردن و بۆ ڕاستکردنەوە و کەڵەکە بوون فێری زمانی دایکی دەبێت، ئەوەشمان دیوەو زانیوە کە منداڵێک بە بچووکی دەکەوێتە نێو گورگان و جگە لەوەی وەک گورگ لەسەر چوار پەل دەڕوات، وەک گورگیش دەلوورێنێ! واتە زمانە مرۆڤییە ئادەمییەکە فێرنابێت و قسە ناکات!؟ ئەم ئەنجامە بەرەو تیوری ئەوەمان دەبات کە منداڵ بە - پرۆسەی خانەوادەیی - فێری زمان دەبێت، وەک ئەوەی ئەگەر منداڵێک لە بچووکییەوە کە دایک و باوکی کوردبن و بدرێت بە دایک و باوکێکی فەرەنسی، ئەوە منداڵەکە زمانی دایک و باوکە فرەنسییەکە فێر دەبێت، نەک دایک و باوکە کوردەکە، کەواتە منداڵەکە فێردەکرێ، نەک فێرکراوە و براوەتەوە.

دەگەڕێینەوە بۆ ئینجیل و بابزانین خودا لەوێ چۆن باسی زمان و فێربوونی زمان دەکات؟! لە (ئینجیل)دا هاتووە: (لە سەرەتادا وشە بوو، هەروەها وشە لای خودا

بوو، وشە هەر بۆخۆی خودا بوو.)، ئەگەر بەوردی سەرنجی ئەم سێ ڕستەیە بدەین، ڕستەی یەکەم و سێیەمیان زۆر لێک نزیکترن، تا ڕستەی دووەم، لە سەرەتادا وشەبوو، وشە هەر بۆخوی خودابوو، ئەم دوو ڕستەیە دەکرێ یەکتر تەواو بکەن و مەبەست بدەنە دەست، واتە ماناکەی وا دەکەوێتەوە کە لەسەرەتادا وشە بوو، وشەش هەر بۆخۆی خودا بوو، ئەم ڕستە تازەیە کارەکە ڕێک دەخات و مەبەستەکە دەداتە دەست.

واتە خودا- وشە - وشە زمان بوو، زمان خودا بوو، کەواتە ئەم خودا زمانە وەک لە قورئاندا هاتووە: (خودا مرۆڤی بەجوانترین شێوە دروست کرد.) لە فەرموودەیەکی پێغەمبەریش دا هاتووە: (خودا ئادەمی لەسەر شێوەی خۆی دروست کرد)، کەواتە ئەو جوانترین شێوەیە، شێوەی خودایە کە مرۆڤی لەسەر دروست کراوە، ئەو خودایەی کە لەسەرەتاوە وشە بوو، وشەش هەر بۆخۆی خودابوو! دەی ئەو خودا جوانە کە وشە بوو مرۆڤی لەسەر شێوەی خۆی دروست کرد، کە خودا وشە بوو! دیارە لە دەقە ئایینی و ئەفسانەییەکان باس لەوەش دەکەن کە خودا مرۆڤی لە خۆڵ و ئاو و خوێن و نووری خۆیشی دروست کردووە، واتە مرۆڤ، نە بە تەنیا لەوشە دروست کراوە، نە لەئاو و نە لە خوێن و نووریش! بەڵکو مرۆڤ پێکهاتەیەکە لەمانە و زۆری تریش کە زمان یەکێکیانە دروست کراوە! واتە هەر ئەمەشە، واتە زمانە مرۆڤ لە هەموو کائینەکانی تر جیادەکاتەوە کە ئەویش قسەکردنە، واتە بەکارهێنانی ناو و وشەیە، ئەمە لەوەمان نزیک دەکاتەوە کە بڵێین: بەشێکی پێکهاتەی دروستکراوی جەستەی مرۆڤ زمانە، ئەوەتا زانستی نوێش دەیسەلمێنێ کە (جینی فۆکس پی ٢) لەنێو جینەکانی جەستەی مرۆڤ بەرپرسە لە زمان و قسەکردنی مرۆڤ خۆی.

لە چیرۆکە ئایینییە ئیسلامییەکە (ناو=زمان) وا دەخاتە بەر زەین کە خودا زمان دەزانێ و ئەوە خودایە ئادەم فێری زمان و قسە کردن دەکات، بەڵام لە (ئینجیل)دا دەڵێ (لەسەرەتادا وشە بوو، هەروەها وشە لای خودا بوو، وشە هەر بۆخۆی خودا بوو)، واتە وشە خودا بوو. خودا وشە بوو، ئەم دوو باسکردنەش وەک یەک ناکەونەوە، سەرەڕای ئەوەی کە لە قورئاندا زۆر بە ڕوونی باسی ئەوە دەکات کە خودا ئادەمی فێری ناوەکان = زمان کردووە، بەڵام لە (ئینجیل)دا بەم شێوەیە نییە!

هەرچەندە دەقی چیرۆکە ئایینییەکان دەکرێ بە جۆرێکی تر بخوێنرێنەوە، وەک ئەوەی یەکێ لە لێکۆڵەرانی چیرۆکەکانی قورئان دەنووسێ: ئێمە نابێ چیرۆکەکانی قورئان وا وەربگرین کە چۆنە ئاوها ڕوویانداوە، بەڵکو حیکمەتی چیرۆکەکە گرنگە، هەروەها چیرۆکە ئەفسانەییەکانیش زۆر جار دەبێ وەک هێما وەریان بگێڕین، نەک وەک ئەوەی لە دەقەکەدا باسی ڕوودانەکانیان دەکرێت، ئەوەتە لە کتێبی پیرۆزدا دەڵێ: بڵاوبوونەوە و پەرت بوونی زمان و هەڵەت و پەڵەت بوونی مرۆڤەکان لە خاکی - شینعار - بوو، ئەوەی دواتر بوو بە بابیل و زەمەنی ئەم ڕووداوەش بۆ (٤٢٠٠) ساڵ دەگێڕنەوە! ئەگەر بەوردی ئەم دەقە شی بکەینەوە، ئەوە دەردەکەوێ پێش پەرت بوون و لێکپچڕانی خەڵک و خاک و زمانەکە، زمانێک هەبووە خەڵکەکە قسەیان پێ کردووە! دواتر کە لێکدابڕاون، زمانەکە پارچە پارچە بووە و زۆر زمانی تری لێ پەیدابووە، ئەم هەواڵە ئایینییە، ئەگەر باسی زۆربوونی زمان دەکات، ڕاستە دەشێ وابێت! بەڵام ئەم چیرۆکە پێمان ناڵێ ئەو زمانی خەڵکە کە پێی دەدوان پێش ئەوەی - یەهوا - دەریان بکات و پەرتوبڵاویان بکاتەوە، چۆن دروست بووە؟ کە ئێمە لێرەدا لە سەرەتاوە زیاتر پێویستیمان بەچۆنیەتی دروستبوونی زمان هەیە، نەک پەرتوبڵاو بوونەوەی، ئەو زەمەنی(٤٢٠٠) ساڵەش بۆ دروستبوونی زمان دایان ناوە، لەگەڵ ڕەوتی ژیان و سەرهەڵدانی شارستانیەت ناگونجێ! کە هەر تەنێ پەیدابوونی نووسین لێکۆڵەران بۆ (٣٢٠٠ تا ٣٥٠٠) ساڵ پێش زایینی دەگەڕێننەوە کە دەکاتە نزیک(٥٥٠٠ - ٦٠٠٠) ساڵ، دیسان ئەم (٦٠٠٠) ساڵەش بۆ سەرەتای پەیدا بوونی زمان هەر زۆر کەمە، ئەگەر پشت بە زانستی مرۆڤناسی و شوێنەوارناسی ببەستین!

## مردووەکانی ئەشکەوتی شانەدەر

ئەگەر بەوردی ئەنجامی پشکنینەکانی (ئەشکەوتی شانەدەر)(٦) بخوێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە لە (٦٥٠٠٠) ساڵ پێش زایین ئەشکەوتنشینەکان مردووەکانی خۆیان ناشتووە! زاناکان لەم جۆری ناشتنە زۆر ئەنجامیان بە دەست هێناوە، وەک ئەوەی کە مردووەکانیان وەک منداڵ لەناو زگی دایکیدا چۆن گرمۆڵە دەکات، ئاوایان ناشتوون، مردووەکانیان پێکەوە ناشتوون، کەرەستەی سادەی دروستکراوی خۆیان، ئەوانەی ڕۆژانە بە کاریان دەهێنان، ئەوانیشیان لەگەڵ ناشتوون، لە سەر هەموو ئەمانەش بە هەشت جۆر گوڵ جەستەکانیان گوڵپۆش کردوون، ئەمانە هەمووی وای لە (ڕالف سوالکی) سەرۆکی تیپەکە و جەماعەتەکەی کرد بڵێن: ئەم مرۆڤانەی ئەشکەوتی شانەدەر کە (بە نیاندەرتاڵی شانەدەر) ناسراون، جۆرەئایینێکیان هەبووە،

چوون وەک لە کۆی کاری ناشتنی مردووەکان دەردەکەوێ، بڕوایان وابووە ئەم مردووانە زیندوو دەبنەوە و جارێکی تر پێکەوە دەست بە ژیان دەکەنەوە و کەرستەکانی خۆیان بە هەمان شێوەی پێشوو بەکار دەهێننەوە! ئەمە ئەگەر جۆرێک بێت لە بیرۆکەیەکی ئایینی و مرۆڤەکان بڕوایان پێی هەبووبێت، ئەوە ئەو باوەڕەی کە لایان وابووە مردووەکان بە شێوەی پێشوو زیندوو دەبنەوەو بە هەمان شێوەش کەرستەکانیان بەکاردێننەوە؛ ئەوە ئەم باوەڕە باوەڕێکی ئەفسانەییە! چوون ئەگەر مردووەکان بەپێی جۆرێک لە ئایینەکان بەجۆرێک لە جۆرەکان زیندوو دەبنەوە؛ ئەوە بە هیچ شێوەیەک بەشێوەی پێشوو زیندوو نابنەوە و هەمان کەرستە بە هەمان شێوە بەکار ناهێننەوە؛ کە بەڕای ئێمە وەک لێکۆڵەرێکی ئەفسانە، ئەمە ڕایەکی ئەفسانەییە! کەواتە لێرەدا ئایین و ئەفسانە پێکەوە سەریان هەڵداوە، بەهیچ شێوەیەک ئەقڵ نایبڕێ کە ئەم هەموو کار و بڕوا ئایینی و بیرۆکە ئەفسانەییە بەبێ قسەکردن ڕووی دابێ! هەربۆیە دەبێ ئەشکەوتنشینەکانی ئەو وەختە بە زمانێک، هەرزمانێک بێت، قسەیان کردبێ کە دەکرێ بە (زمانی ئەشکەوت) ناوی ببەین، کە ئەشکەوتەکەش شانەدەرە؛ کەواتە زمانەکەیان زمانی (ئەشکەوتنشینانی شانەدەر)ە، ئەگەر ئەوەش لە بیرنەکەین کە زەمەنی مردووناشتنەکانی ئەشکەوتی شانەدەر (٦٥٠٠٠) ساڵ پێش زایینە! دەبێ ئەوەش ڕەچاو بکەین کە زمانەکە زۆر پێش ئەو زەمەنە دروست بووە و بەرە بەرە پێ گەیشتووە، هەربۆیە هەندێک لەزاناکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە باپیرانی مرۆڤ لە فێربوونی زماندا توانایییەکی گەورەیان هەبووە، ئەگەر سەیری ئەو وێنانەی ئەشکەوتەکان بکەین کە بۆ(٣٠٠٠٠٠ تا ٧٠٠٠٠٠) هەزار ساڵ دەگەڕێنەوە بۆ چەرخی بەردینی کۆن کە هەندێ لە زاناکان دەڵێن: مرۆڤ بەر لە(١٠٠٠٠٠) ساڵ پێش ئێستا دەستی بەوەکردووە کە زمان فێر ببێت، بۆ دروستبوونی زمان زاناکان زەمەنی تریشیان دەستنیشان کردووە، بۆ نموونە زمان لە نێوان (٥١٠٠٠٠ تا ٣٠٠٠٠) ساڵ پێش زایین دروست بووە، ڕایەکی تر هەیە دروستبوونەکە بۆ (٥٠٠٠٠٠) هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگێڕنەوە، وەک دەبینن تیورەکانی دروستبوونی زمان و سەردەمەکانی دروستبوونی زمان زۆرن و لێک جیان.

## دەقێکی ئەفسانەیی بۆ دروستبوونی زمان

وەک دەقە ئایینییەکان، دەقی ئەفسانەییش هەیە باس لە دروستبوونی زمان دەکات، لەم ئەفسانەیەدا دەڵێ:

هەبوو نەبوو لە زەمانی کۆندا خەڵک هەموویان لە گوندێکی گەورە دەژیان و تەنیا بە یەک زمان قسەیان دەکرد، ئەم ئەفسانەیە لەنێو هۆزەکانی (بەرزاییەکانی میانمار) دەگێڕدرێتەوە، هەروەها دەڵێن: وەستاکان خەریکی دروستکردنی بورجێکی بەرزبوون، بەم هۆیەوە بەرە بەرە شێوازی زۆر و جیا جیایان لە قسەکردن بە دەست هێنا، دواجار بە سەر زەویدا بڵاوبوونەوە، دوور نییە دانیشتوانی ڕەسەنی ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و مەکسیک و زۆر جێگای تر ئەمانیش ئەفسانەی هاوشێوەیان هەبێت.

ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین ئەفسانەکە دەڵێ: لە زەمانی کۆندا خەڵک لە گوندێکی گەورە دەژیان و بە یەک زمان قسەیان دەکرد! باسی قسەکردن بە یەک زمان دەکات، کەچی ناڵێ ئەم زمانە چۆن و کەی دروست بووە!؟ بەڵام ئەویش باس لە شێوازی زۆر و هەمەجۆر دەکات کە دواجار زمانە کە پێی بڵاو دەبێتەوە، واتە لێرەش لەم دەقە ئەفسانەییەشدا، زەمەنی دروستبوونی زمان باسی لێ نەکراوە، هێندە هەیە قسەکردنەکەی خەڵکی گوندە گەورەکە بۆ زەمەنی(هەبوو... نەبوو) دەگەڕێنێتەوە، واتە زەمەنی ئەفسانەیی لە کۆنیدا، کەواتە تا ئێستا نە گەیشتینە ئەوەی بزانین زمان چۆن دروستبووەو کەی دروست بووە؟ هێندە هەیە لە نێو هەموو تیورەکان تیوری - لاسایی کردنەوە و گۆڕینی دەنگی هێمایی بۆ وشەی مانادار و ورد ورد کەڵەکەبوون - لە هەمووان نزیکترن لەواقیعی دروستبوونی زمانی مرۆڤ.

ئەگەر چیرۆکە ئایینییەکان زەمەنی دروستبوونی یەکسەرەیان لێوەربگرینەوە و ئەوە قبووڵ بکەین ئەوانیش بەجۆرێک لە جۆرەکان باس لە فێربوونی بەرە بەرە دەکەن، ئەوە لەگەڵ تیورە زانستییەکان لێک نزیک دەبنەوە و کێشەی دروستبوونەکە تا ڕادەیەک ئاسان دەبێت، بەڵام زەمەنی دروستبوونەکە، وەک زەمەنێکی دیار و چەسپاو هەردەمینێ! ئەوسا چاکترین زەمەن بە پێی تیوری گەشە کردن ئەوەیە لەگەڵ گەشە کردنی جەستەی مرۆڤ و گەشەی شارستانیەت بگونجێ، ئەوسا هەر تیورێک پێ بە پێی دروستبوون دەمێنێتەوە کە هەموو لایەک قبووڵی بکەن.

ئێستا جارێکی تر دەگەڕێینەوە سەر ئەوەی کە زمانەکان هەموو لە کوێندەر هەڵگیراون؟ ئایا هەموو زمانەکان لە زماندانی هەموو مرۆڤەکان هەڵگیراون؟ واتە هەر مرۆڤێک لە نێو(جینی فۆکس پ ٢) کەیدا هەموو زمانەکانی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە؟!، یان هەموو زمانەکان لە نێو زماندانی هەموو مرۆڤەکان پێکەوە، واتە

هەرمرۆڤەو چەند زمانێکی لەلا هەڵگیراوە!، یان لە جێگایەکی تره کە بەردەوام پێوەندداره بە مرۆڤ، کۆبوونەتەوە؟ باشە ئەگەر وابێت، ئەو جێگایە کوێندەرە؟

لە گواستنەوەی زمان لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر، دەتوانین پەنا بۆ شێوەی هاوبەشی و زگماکی و جمکانەی مرۆڤەکان ببەین کە دوو جمک هەرچەندە لێکدووربن، بەڵام بەجۆرێک یەک هەستیان هەیە و هەست بە خۆشی و ناخۆشی یەکتر دەکەن، کاتێک یەکێکیان نەخۆش دەکەوێ، ئەوەی تریش نەخۆش دەکەوێ و کاتێ یەکیان دڵخۆش دەبێت ئەوەی تریشیان دڵخۆش دەبێت، ئێمە ئەم تیوره جمکییە بۆ هەموو مرۆڤەکانیش قبووڵ بکەین، کە ئەوانیش لە سەرەتای دروستبوونیان بە پێی هەموو تیورەکان جۆرێک جمکانەن! واتە هاوبەشی و وەک یەکییان هەیە، هەر لە خاڵی سەرەتا و پێکهاتەی جەستە و خوێن و ئیحساس و هەستەوە تا دەگاتە جۆری بیرکردنەوە و بەکارهێنانی زمانەوە، بۆیە ئەم هەموو هاوبەشییە پێکهاتەییە جەستەییە یارمەتی ئەوەمان دەدات کە بڵێین: پێوەندییەکی بۆماوەیی لە نێوان هەموو مرۆڤەکاندا هەیەو لەم جۆره کاتانەدا – مەبەست کاتی شۆک زمانگۆڕان–ە بێ خواستی مرۆڤەکان خۆیان هەندێکیان زمان ئاڵوگۆڕ دەکەن! وەک ئەوەی بێ خواستی خۆشیان تاکەکان زمانیان دەگۆڕێ.

ئەگەر ئەمە کاره میکانیکییە ئۆتۆماتیکییەکە بێت! ئەی باشە زمانەکان چۆن هەر هەموویان بە تەواوی و ئامادەیی بۆ بەکارهێنان و قسەپێکردن لە کن مرۆڤەکان کۆبوونەتەوە و هەن؟ چۆن لەسەرەتادا مرۆڤەکان تاک تاک و گرووپە بچووکەکان تەنیا یەک زمان فێردەبن، دواتر بە پەرتی و لێکدووری بە زەمەن و بە جوگرافیاوە، زمانی تر دروست دەبن، کە ئەم تیوره یارمەتی ئەوەمان دەدات کە بڵێین: مرۆڤەکان بە تاک تاک هەر تەنیا یەک زمان فێردەبن؛ کەواتە چۆن هەموو زمانەکان لەکن هەموو مرۆڤەکان عەمباربوونە؟! ئەم ژنە بە هۆی سەدمەیەکەوە، ئەم هەموو زمانەی لە کوێ بۆ هات و چۆن لای ئەو هەر ڕۆژەی یەکێکیان چالاک دەبێت؟

ئەگەر زەمەنی فێربوونی زمان و چۆنیەتی دروستبوونەکەی تیوری زۆری هەیە! ئەوە تا ئێستا من ڕاوبۆچوون و تیورێکم نەدۆزییەوە بۆمانی ڕوون بکاتەوە کە چۆن ئەم هەموو زمانە بە هۆی سەدمەیەکەوە لای تەنیا مرۆڤێک کۆبوونەوە و چالاک بوون؟ من خۆیشم بە قەناعەتێک نەگەیشتم و هۆیەکم دەست نەکەوت بە گونجاوی بزانم بۆ ئەوەی خوێندەوارانی پێ ڕازی بکەم! تا ئەو ڕۆژەی کە زانست ئەم نهێنییە و زۆری ترمان لە نهێنییەکانی کەون و جەستەی مرۆڤ بۆ ئاشکرا دەکات، دەبێ هەوڵدەین و چاوەڕێی داهێنانی زاناکان بین! ئەم کەونە پڕ لە نهێنییە و کەمێکی زۆر کەمی زانراوە و زۆری ماوە بزانرێ، جەستە و پێکهاتەی مرۆڤ پڕە لە نهێنی و کەمێکی زۆر کەمی زانراوە و زۆری ماوە بزانرێ!.

ئەم دووبارەبوونەوەی – زمانگۆڕان–ە بەبەردەوامی لە مێژوودا و لە نێو هەموو وڵاتان و میللەتان، هەروەها زۆرجار کەسی زمانگۆڕاو زیاتر لە زمانێک جێگەی زمانی خۆی دەگرێتەوە، دواجار ئەم خاتوو (میکایلا ئەرمەر)ـە کە هەر بەیانییەو بەزمانێکی تر و جیا لەوەی ڕۆژی پێشتر قسان دەکات؛ حاڵەتەکان زۆر پرسیار بە دوای خۆیاندا دەهێنن!

**یەکەم:** ئەوەیە کە ئەم زمانانە لە چ زماندان و عەمبارێکدا هەڵگیراون؟

**دووەم:** ئایا هەموو زمانەکان لە نێو جینی بەرپرسی زماندا کۆبوونەتەوە؟

**سێیەم:** ئایا زمانەکان لە دەرەوەی جەستەی مرۆڤ و لە شوێنێکدا هەن؟

**چوارەم:** چۆنە ئەم زمانگۆڕانە کتوپڕە فێربوونی تەواو و یەکسەرەی بەدواوەیە؟

**پێنجەم:** هۆی چییە زمانگۆڕاو هەندێ جار زیاتر لە زمانێک فێردەبێت و پێیان دەدوێ؟

**شەشەم:** هۆی چییە ئەم ژنە میکایلا ئەرمەر بەم زمانگۆڕانە هەر ڕۆژەی بە زمانێکی جیا لەزمانی ڕۆژی پێشتر قسە دەکات و ئەم بەردەوام زمانگۆڕانەشی لەدەرەوەی خواستی خۆیەتی؟

ئەم پرسیارانە ئەرکی زاناکان گران دەکات و وادەخوازێ زانست بە دوای وەڵامەکاندا بگەڕێت، چونکە ئەم دیاردە مێژووییە، ئەم دووبارەبوونەوە بەردەوامەی نێو جوگرافیای مرۆڤایەتی ناکرێ هەروا بمێنێتەوە و زانستانە کاری لەسەر نەکرێ و تەنیا بە نەخۆشییەکی بێ چارەسەر ناوببرێ!

ئەگەر نۆرەدڵ و وەستانی مێشک و تای گران و سەرئێشەی زۆر نەخۆشین و زۆر جار دەبنە هۆی ئەم زمانگۆڕانە و کەوتن و سەدمەش دەبنە هۆی نەخۆشی؟ ئەی ئەم ئەنجامە کە زمانگۆڕانەکەی لێدەکەوێتەوە، ناکرێ بەشی زمانگۆڕانەکە بۆ سوودی مرۆڤ بەکاربێت و هۆی زمانگۆڕان و شوێنی زمانگۆڕان و کاری زمانگۆڕانەکە بزانرێ و مرۆڤ لە ڕێی زانستەوە دواجار ئەم زمانگۆڕانە بەرزەفت بکات و زانستییانەو بۆ سوودی مرۆڤایەتی، بەتایبەتی بۆ (فێر بوونی زمان بە

لەبەرگرتنەوە) بەکاری بهێنێ و زەمەنی زمان فێربوون کورت بکاتەوە؟

ئێمە بەشێوەیەکی تیوری لە کتێبەکەماندا (فێربوونی زمان بەلەبەرگرتنەوە) بەپشت بەستن بەم بەردەوامییەی زمانگۆڕان، ڕێگامان بۆ ئەوە خۆش کردووە کە دواجار زانست دەتوانێ ئەم کارە بکات، خۆشبەختانە (دوکتۆر نیکۆلاس مۆنتی گرۆپۆنتە) زانای مێشک و کۆمپیووتەر لەزانکۆی ئێم -ئای -تی لە کەنەدا ئەم هەواڵەی ڕاگەیاند و گوتی؛ لە داهاتوودا دەتوانین بە کەپسوولێک مرۆڤ فێری زمانی ئینگلیزی بکەین، باشە! ئەوە ئەم کەپسوولە بەرهەمی زانستە و فێربوونەکەش وەک دەردەکەوێ کتوپڕە! ئەم کەپسوولە چی دەکات؟ زمانەکە لە نێو کەپسوولەکەیە و لە جینی بەرپرسی فێربوونی زمانی کەسەکەدا کۆپی دەکات؟، یان کەپسوولەکە ئەو زمانە ئینگلیزییە چالاک دەکات کە خۆی لە نێو زماندانی مرۆڤەکەدا هەیە؟! ئەمانەش پرسیارن و وەڵامەکانیان ڕوون نین، بەڵام فێربوونە کتوپڕەکە بە هۆی کەپسوولەکەوە نزیکمان دەکاتەوە لە فێربوونی کتوپڕی ئایینی و ئەفسانەیی، هەروەها فێربوونی کتوپڕی دوای سەدمەوە، لێکۆڵینەوە لەم ڕووداو و دیاردانە و گەڕان بە دوای وەڵامی پرسیارەکان، سەرەتای قۆناغێکی نوێی زانستە لە بارەی زمانەوە بە هەموو ڕەهەندەکانی زمانەوە، بابزانین زانستی داهاتوو چ وەڵامێکمان دەداتەوە؟!.

**تێبینییەکان**

(١) بۆ ئەوەی باشتر لەم بابەتە نزیک بیتەوە، پێویست دەکات کتێبی (فێربوونی زمان بەلەبەر گرتنەوە - لە ئەفسانەی کوردییەوە بۆ زانستی سەردەم) لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ئەکادیمی تیوری پێشبینیکارە باس لە داهێنانێکی گرنگ دەکات کە دواجار ڕووی دا، بخوێنیتەوە.

(٢) ڕاستییەکەی ئەم زمانگۆڕانە وەک نەخۆشییەک چاو لێ دەکرێت و خۆشی لە ئەنجامی نۆرەدڵ و سەکتەی دەماغ و سەدمەی توند پەیدا دەبێت، بەڵام هەموو جارێ زمانی کەسە نەخۆشەکە دەگۆڕێ بە زمانێکی تر، یان زیاتر لە زمانێک و ئەو کەسە بەو زمانانە دەدوێت و قسە دەکات و زمانە نوێیەکە بەتەواوی فێردەبێت، ئەوەی بۆ لێکۆڵینەوەکەی ئێمە گرنگە، ئەم زمانە تازانەیە کە کەسەکان بەکتوپڕی فێری دەبن، ئەم زمان فێربوونە ئەوە دەهێنێ لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر بکرێت، کە تا ئێستا ئەم لێکۆڵینەوە و کتێبەکەی خۆم کە من بەم شێوەیە بە تاقانە دەبینم، هیوادارم داهاتوو لێکۆڵەران چاکتر و زۆرتری پێوە خەریک بن.

(٣) (٤) نەواف پیاوێکی ئێزدی بوو ئەویش کە لە خەو هەڵدەستێ، بەزمانی ئینگلیزی قسان دەکات و ئایینەکەشی لە ئێزدییەوە بۆ مەسیحی دەگۆڕێ، مامۆستا مەلا عەلی کوردی - کەڵەک کە بیست ساڵ زیاترە وەک خۆی باسی دەکات ئەو جۆرە نەخۆشانە چاک دەکاتەوە، کە لە نەخۆشخانەکان بێ هیوادەبن، هەرئەویش نەوافی چاک کردەوە و بە زمانی کوردی کەوتەوە قسە و گەڕایەوە سەر ئایینەکەی خۆشی و وازی لە مەسیحییەت هێنا، ئەم کارەی (مەلا عەلی کوردی) وەک (دوکتۆر ئاڕئاڕ سواریز) وایە و ئەویش کە پیاوێکی مەسیحییە، ئەوە چل ساڵە خەریکی ئەم جۆرە پزیشککارییەیە و بەشێوازی خۆی چارەسەری ئەم جۆرە نەخۆشانە دەکات، ئەم دووانە ئەوە هەڵدەگرن لە چەندان لاوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێ، من تا ئێستا ئەم ئایینگۆڕانەم بەم شێوەیە نەدیوە و نەمزانیوە، کەسیش بەشێوەی مەلا عەلی کەڵەک بەم جۆرە نەخۆشی لەلا چاک بووبێتەوە!.

(٥) بۆ ئێمە وەک لێکۆڵەرێک هەموو دەقەکان، دەقی ئایینی و ئەفسانەیی و مێژوویی و واقیعی و هەردەقێکی تر کە سوودی بۆ بابەتەکە هەبێت، دەقی لێکۆڵینەوەن.

(٦) ئەشکەوتی شانەدەر لە ڕووی پڕی لە نهێنی و زانیاری کۆنی ژیانی مرۆڤەوە، گرنگییەکی جیهانی هەیە، یەکێ لە پسپۆڕانی شوێنەوارناسی و شارەزا لە ئەشکەوتی شانەدەر دەڵێ: (ئەشکەوتی شانەدەر کۆنترین و گرنگترین و دەوڵەمەندترین ئەرشیڤی مرۆڤایەتییە)، یەکێکی تریان لەکاتێکدا پەنجە بۆ دەرگای ئەشکەوتی شانەدەر درێژ دەکات، دەڵێ: (هەرچی شارستانیەت هەیە لە دەرگای ئەم ئەشکەوتە هاتووەتە دەرەوە.) مەبەستی هەموو شارستانییەتەکانی مرۆڤایەتییە، چونکە لەڕووی زەمەنەوە لە هەمووان کۆنترە.